# بناری قەندیل لە نێوان سەردانی بارزانی و فڕۆکەکانی تورکیادا

هیوا عەبدوڵا - بەلجیکا
Hiwa.Abdullah@gmail.com



دوای ئەوەی 16-12-2007 فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا هێرشێکی توندیان بۆ سەر زۆربەی زۆری ناوچە سنوریەکان و ناوچەی بناری قەندیل، بە بیانوی هێزەکانی "پکک" ئەنجامدا. ئاڵۆزیەکانی نێوان تورکیا و باشوری کوردستان گەیشتە قۆناغێکی نوێ.

نامەوێ لەو بابەتەمدا باس لەو لایەنانە بکەم کە پێشینەکەیان بۆ ماوەی چەندین ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە، وە نامهەوێ باس لەو شتانە بکەم کە چاوەڕوانکراون، بێ گومان هەر لایەنێک کە شەڕ ئەکات لەگەڵ لایەنێکی دیکە پێشتر ئەوە دەزانێ کە دەبێ خەڵکی لێ بکوژرێ و بەدیل بگیرێ یان زیانی ماددی بەربکەوێ. هێرشەکانی تورکیا نەک لە ئێستاوە بەڵکو لە ساڵانی هەشتاکاندا تا ئێستا بەردەوامن، بەڵام ئەوەی لێرەدا شتێکی چاوەڕوان نەکراوو و نوێیە، کاتی هێرشەکان و ئامانجە سیاسیەکانیەتی. ئەمریکا کارەساتەکەی 11ی سێپتێمبەری کردە گەورەترین بیانو بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ئەفغانستان و عێراق و بەو شیوەیە هەنگاو بۆ ستراتیژی تازەی خۆی بنێ، واتە زیانە گیانی و ماددی و سەربازیەکانی ئەمریکا و هێرشکردنە سەر بارەگای پنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی جیهانی و زیانە ماددی و مەعنەویەکانی گرینگتر نەبوو لە لایەنە سیاسی و ستراتیژیەکانی، ئێستاکەش کە ژمارەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا بەرەو 4000 دەچێ و ڕێژەی سەربازە کوژراوەکانی ئەمریکا لە شەڕی ڤێتنام تێئەپەڕێنێ زۆر جێگای بەیەخی حکومەتی بووش نیە، ئەوەی جێگای بەیەخە ئەنجامە سیاسی و ستراتیژیەکانی ئەو یاریەیە کە ئەمریکا لە عێراق دەستی پێکردوە.

ئەو نمونەیە بەسە بۆ ئەوەی گرینگی وێرانبونی چەند گوند، مزگەوت، قوتابخانە و ماڵمان، یان چەند قوربانی و بریندارمان لە ئەنجامە سیاسیەکانی زیاتر نەبێ. ئەوە نەک بۆ ئێمە تەنانەت بۆ تورکەکانیش بەهەمان شێوەیە، تورکەکان بەخۆیان ڕادەگەیەنن ملیۆنان دۆلاریان کردۆتە خەرجی ئەو هێرشە ئاسمانی و پیادەییانەی ئەو دواییە، تورکەکانیش ئەوە باش دەزانن کە بە چەند هێرشێکی ئاسمانی نەک ناتوانری پکک لە ناوببرێ بەڵکو زیانێکی ئەوتۆشی پێناگات، ئەگەر هێرشەکەی سەرەتای ساڵی 2004ی تورکیا بۆسەر کامپی ناوەندی پکک لە زەلێ بەبیر خۆمان بێنینەوە، کە بە گەورەترین هێرش بۆ سەر ئەو جوگرافیایە بچوکەو نالەبارەدا دادەنرێ ئەو ئەو ژمارە زۆرەی گەریلاکان کە زیاتر بوو لە 1500 کەس و هیچ تەگبیرێکی وایان نەبوو تەنیا 7 ئەندامی پکک گیانیان لەدەست دا. وە بە پێێ سەرچاوەکانی پکک لەو هێرشانەی دواییشدا کە نزیکەی 50 فڕۆکە بەشداری تێدا کردو دەیان تۆن بۆمبا بەسەر ناوچەکانەوە کرا، تەنیا قوربانیەکان بریتین لە 5 چەکدار. مەبەستی تورکیا بەهیچ شێوەیەک لەو هێرشەدا لەناوبردنی پکک نیە، بەڵکو چەند مەبەستێکی سیاسیە و لەو مەبەستانەشدا تورکیا توانی کڵاو لەسەری حکومەتی عێراق، ئەمریکا و سەرکردایەتی کورد بنێ کە ئەمانەن:

1- دوای ئازادبونی عێراق و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی بەعس جاری یەکەمینە تورکیا بە ئاشکراو بێ منەت هێرشێکی وا فراوان بکاتە سەر باشوری کوردستان، کە پێشتر نەیدەتوانی و ئەمریکا ڕێگای پێ نەدەدا، بەڵام ئەو هێرشەی ئەمڕۆ بە ئاگاداری و یارمەتی ئەمریکا ئەنجام دەدرێ، تورکەکان بەو هێرشە پەیامێک بە دەوڵەتی عێراق دەدەن کە چ کاتێک و لە چ شوێنێک ئەوان بیانهەوێ دەتوانن هێرش بکەن و نابێ داهاتوی ئەو وولاتە بەبێ ڕەچاوکردنەوەی ویستی تورکیا بکرێ، بەکورتی لەو ڕۆژەی تورکەکان هێرشیان کردە سەر خاکی عێراق چەمکی سەروەری خاکی عێراق واتای خۆی لەدەست دا.

2- ئەم هێرشانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لە سەر قەوارەو داهاتوی شاری کەرکوک دەکرێ و دەیان سیناریۆ بۆ سەوداو مامەڵە لەسەر داهاتوی ئەو شارە لە ئارادایە، تورکەکان بەو هێرشە پەیامیان بە سەرکردایەتی کورد دا، کە نابێ تورکیا و داخوازیەکانی تورکیا لەبەرچاوی خۆیاندا بزر بکەن ئەگەر نا بەردەوام ئەو چەکوشەیان لەسەردەبێ.

3- جیێگای سەنجەو ڕێککەوت نیە کە تورکیا دوای هێرشی یەکەمینی 2007-12-16 لە ڕۆژی 22-12-2007 دا هێرش دەکاتە سەر ناوچە سنوریەکان کە هاوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان شوێنە بۆمبابارانکراوەکان و خەڵکی ناوچەکەی بەسەر دەکردەوە. تورکەکانیش ڕایانگەیان ئەوان لەو کاتەی کە بارزانی سەردانی ناوچەکەی کرد هێرشیێکی دیکەیان ئەنجام داوە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا تەهدیدکردنی کەسی سەرۆکی هەرێمە، واتە تورکیا پەیامێکمان پێ دەدات کە ئەگەر تەمبێ نەبین نەک گوندەکانی سنور بەڵکو سەرۆکی هەرێمیش ڕوبەڕوی هێرش دەبێتەوە، هێرشە دووبارەکەی 22-12-2007 پەیامێکی دیکەیە واتە ئەگەر تورکیا هەست بەوە بکات پکک لە مەسیف و سەری ڕەشە ئەوا بەبێ لێکۆڵینەوەو پرسورا دەتوانێ سەری ڕەش کە بارەگای ناوەندی سەرۆکی هەرێمە بداتە بەر بۆمبا.

ئەم سێ خاڵانە بابەتی ستراتیژین لە هێرشەکانی تورکیادا، واتە تورکیا پەیامی بە کورد دا، کە ئەمریکا میوانتانە ئێستا لەوێیە سبەی دەڕوا، یانیش هێشتان نەڕۆیشتوە من توانیم لێتان بدەم و سنور ببەزێنم، تورکیا پێمان ئەڵێ: نەکەن بیر لە قەوارەیەکی کوردی بکەنەوە بەبێ پرسوڕاکردن بە ئێمە ناتوانن باسی مەسەلەی کەرکوک بکەن و خاک و دەستەڵاتی ئیوە سەروەر نیە و هیچ ڕێزێکی بۆ دانانێم.

بەکورتی ئەو هێرشانەی دواییە هیچ پەیوەندی بە لەناوبردنی پکک نیە، تورکیا بەو هێرشانە ڕادەگەیەنێ، کە دەبێ حکومەتی عێراق چۆن سەبارەت بە مەسەلە چارەنوسسازەکانی عێراق وەک فیدرالیزم، ماددەی 140 و نەوت تا پرسوڕا بە مێردەکەی واتە "ئەمریکا" نەکات،هیچ هەنگاوێک نانێت بەو شێوەیە دەبێ منیش ببمە بەشێک لەوە.

بەشێک لەو فاکتۆرانەی کە زەمینەیان بۆ ئەوە خۆشکرد تورکیا بەو شیوەیە و بەبێ منەت هێرش بکاتە سەر خاکی باشوری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ لێدوانە ناوەختیەکانی سەرکردەکانی عێراق و کوردستان و ناهاوسەنگی و نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان گوتاری سەرکردەی بەشە جیاوازەکان، هەموو مەبەستی سەرکردەکان ئەوە بو، خۆیان لەو ڕەشەبایە بدزنەوە کە لە چانکایا هەڵدەکات و نەکەونە ناو داوی ئەو شەڕە کە یەخەی کوردی گرتوە و شەڕێکی نەخوازراوە، بۆ ئەوە چەندین گوتاری نەرمڕەومان بینین لە لایەن سەرکردەکانی عێراق و کوردستان، هەنگاویشمان بینین بۆ سنوردارکردنی چالاکیەکانی پکک لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەو هەموو هەوڵانە نەبوونە باعیسی ئەوەی تورکیا نەک

هێرش نەکات بەڵکو لە کاتی هێرشدا پرسیاریشیان پێ نەکات.
بۆیە ئەگەر سەرکردایەتی کورد لەغەمی قەوارەی کوردی و ستراتیژی نەتەوەکەی دایە نابێ گوێ بداتە هەڕەشەکانی ئابلۆقەی ئابوری و پچڕاندنی پەیوەندیەکان لەگەڵ تورکیا، خۆی لە خۆیدا ئەو گەلە ڕەشوڕوتە بەسالانە توشی برسێتی و بێ ئاوی و بێ کارەبایی بوە، ئێمە نالێین با خۆمان بخەینە ناو باوەشی شەڕێکی ناوەختی لەگەڵ تورکیادا کە بە قازانجی کورد نیە و بەزەرەریەتی، بەلام ئەگەر پێشتر چەند هەڵەیەکمان کرد، ئێستا ئەتوانین لە چەند زنجیرە خۆپێشاندانێکی جەماوەریدا بەشێک لەو زەرەرانە قەرەبو بکەینەوە و کێشەکە بکەینە کێشەیەکی نێودەولەتی.